سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات و باس لە پەیوەندی دووقۆڵی وەك شوێنگرەوەی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی دەکات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز خاتوون فیکتۆریا تایلەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەم دیدارەشدا باس لە پەیوەندی دووقۆلی واشنتۆن و بەغدا کرا و دووپات کرایەوە کە گرنگە سەقامگیری ئێستا بە پارێزراوی بمێنێتەوە و هەوڵ بدرێت بۆ سەقامگیری هەمیشەیی بگۆڕدرێت، هەروەها سەماحەتی گوتی سەقامگیری مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئابووری عێراق بەهەماهەنگی هەوبەشانی لەم بوارە بەرەو پێش بچێت.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی ڕێڕەوی حکومەتی سوودانی دەکات لە بوارەکانی گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ڕوونیشی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بەشێوەیەکی زۆر یارمەتیدەر بوو لە پتەوکردنی دیموکراتیەت و چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان.
سەماحەتی ئاماژەی کرد کە قوربانی دانەکانی عێراق لە نەهێشتنی تیرۆر بە هاوکاری هاوڕێانی ئەنجامدرا و ڕوونیکردەوە کە ئەو قۆناغە پێویستی بەوەیە دەسەی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی بە نەهێشتنی داعشی تیرۆریست بەکۆتا بێت و بچینە نێو قۆناغی پەیوەندی دووقۆڵی کە خزمەت بەهەردوو لایەن دەکات و جەختیشی کردەوە لەسەر ڕاگرتنی شەڕی غەزە، داواشی کرد کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل ڕابگیرێت و ئاوارەکان بگەڕێنەوە و شارەکەش ئاوەدان بکرێتەوە و زیانلێکەوتوانیش قەرەبوو بکرێنەوە.